# بەعس ژیانی لێ تێکداین و مارینزیش خەون

حەمەسەعید حەسەن

بمبەخشە
هیچی وا شک نابەم شیاوی نووسین بێ،
من تەنیا خەریکی قومارم بە وشە،
بەڵام گەر ئەنگوستی پەیڤێکم
ژێی هەستی بزواندی،
ئاوازی دێرێکم
گوێی دڵی دواندی،
شیعرێکم لە شەوی ژیانتا داگیرسا،
دەگەمە ترۆپکی دڵشادی.

بەعس هەموو شتێکی کۆنترۆڵ کردبووین. بەعس هەموو شتێکی خاپوور کردبووین. ئەوە بەعس بوو بڕیاری دەدا، ئێمە لە زینداندا بژین، یان لە دەرەوەی. لە شار بژین، یان لە شاخ، لە وڵات بژین یان لە هەندەران. ئەوە بەعس بوو بڕیاری دەدا، ئێمە بژین، یان بمرین.
بەعس بە داهاتی وڵاتی خۆمان، نیشتمانی کاول دەکردین. بەعس بەو نەوتەی لە بن خاکی خۆماندا هەبوو، هەرچی لەسەر خاکی خۆمان بووایە دەیسووتاند. بەعس توانای بیستنی قاسپەی کەوێکی ئازادی نەبوو. بەعس توانای ژنەوتنی ترپەی دڵێکی نەبوو کە بۆ ئازادی لێ بدات. بەعس چرپەی نێوان دوو ئەوینداریشی دەخستە ژێر چاودێرییەوە.
ئەوە ئەو خەڵکە چۆن دەتوانن، بەعسی ببینن و هێڵنج نەدەن؟ ئەوە ئەو خەڵکە دوای هەڵدانەوەی کۆقەبرەکان، چۆن دەتوانن، لەبەر بۆگەنی بەعس، لە عێراقدا هەڵبەکەن! ئەوە ئەو خەڵکە چۆن دەتوانن لەگەڵ بەعسییەکاندا هەمان هەوا هەڵبمژن! بێمەوە و بەعسی ببینم، یەکسەر دەڕشێمەوە. ئەگەر قەرارە (بەعسی)ش ئینسان بێت، ئەوا من پێم ناخۆشە ئینسان بم. پەشیمانم کە بیست و یەک ساڵ لەمەوبەر گوتبووم: (کە بە لای بەعسییەکاندا ڕەت دەبن، سڵاویان لێ مەکەن، وا بزانن، ئەوانە پشیلەن، سەگن، مشکن، کوللەن.) داوای لێ بوردن لەو گیاندارانە دەکەم، ئاخر سەگ و پشیلە، مشک و کوللە، زۆر لە بەعسی هێژاترن و من لە نەفامیمەوە سووکایەتیم پێ کردبوون.
بە داخەوە ڕابوونی بەهاری ساڵی ١٩٩١ی خەڵکی باشووری عێراق تووشی نسکۆ هات. بە داخەوە ئەوە مارینز بوو، بەعسی رووخاند، نەک خەڵکی عێراق. بەعس هەموو شتێکی لێ داگیر کردبووین، خەون نەبێت. ئێمە خەونمان بەو ڕۆژەوە دەبینی، ڕاپەڕینی خەڵکی عێراق هەرەس بە بەعس بهێنێ، لێ مارینز ئەو خەونە جوانەی لێ تێکداین. بەعس ژیانی لێ تێکداین و مارینزیش خەون. بەعس واقیعی شێواندین و مارینزیش خەیاڵ. بریا نۆی ئەپریل بە توانای خەڵکی عێراق تۆمار کرابا نەک بە تانکی مارینز. بە داخەوە مێژوو ئەوەیە ڕووی داوە، نەک ئەوەی ئێمە خوازیار بووین ڕوو بدات.

2003. 07. 15